رامیار مەحمود - کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

فاشیزم و ئابووری بازاڕ لە هەرێمی کوردستان

یەکێــک لــە دۆگمــا سیاســی و ئایدیۆلۆجییەکانی دوای ساڵی 1989 کە وەک پەتایــەک بڵاوبووەوە بە ناو جیهاندا دۆگمــای ئابــووری بــازاڕە، وەک کلیلی دیموکراسی و گەشەکردن و بەختەوەری. ریچارد رۆرتی، پێیوایە ئەوانەی بە شوێن گۆڕانــی رادیکاڵانەی ســەرمایەدارییەوەن لە دوای ســاڵی 1989وە سەر بە بەرەی بەدبەختەکانن یان بە دەربڕینێکی دیکە لە دەرەوەی بازنەی بەختن.

پەیوەنــدی کرانــەوەی ئابــووری بە کرانەوەی سیاســییەوە یان دیموکراســی بە بازاڕی ئــازادەوە بابەتی گفتوگۆیەکی قــوڵ و فراوانە، بەڵام ئــەوەی من لێرەدا رەخنــەی لێدەگرم دیوە بەڵگەنەویست و دۆگماییەکــەی ئــەو تێرمەیــە کە بە شــێوەیەکی باڵادەســت بە ســەرزمانی رۆشنبیری و سیاسی کۆتاییەکانی سەدەی بیســتەوەیە و هێشتا درێژبوونەوەکانی بە توندی بەردەوامەو هەرێمی کوردســتان یەکێکە لە شــوێنە دیارەکانی ئەو دۆگما سیاســییە. ئەو دۆگمایە لە یەک رووداوی مێژوویی گەورەوە ســەرچاوە دەگرێت کە بریتییــە لە رووخانی "ئابــووری فەرمان" کە بەستنەوەیەکی راســتەوخۆ و رەهای ئابوورییە بە دەوڵەتەوە. ئەم شــێوەیە لە بەستنەوەی رەهای ئابووری بە دەوڵەتەوە (راســت) نازیزم و فاشیزمی لێکەوتەوەو چەپیش یەکێتی سۆڤێت و وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتی لێکەوتەوە، یاخود بە مانایەکی دیکە دوو جۆر لە ســتەیتیزم، ستەیتیزم وەک بەرهەمێکــی ئایدیۆلۆجی راســت و وەک بەرهەمــی ئایدیۆلۆجی چەپ . بۆیە شتێکی سەیر نەبوو رۆشنبیرە نوێگەرەکانی کورد ئەوانەی خەریکی گۆڤاری (ئازادی) و دواتریــش (رەهەنــد) بــوون، بێ هیچ پێشــمەرجێک کەوتنە پشــتیوانیکردنی فەنتــازی پارتــی و یەکێتــی، لە رێگەی دژایەتیکــردن و نابووتکردنی ئەو گەنجە تەنیاو بێپشــتانەی لە ژێر ئایدیۆلۆجیای چەپــی تازەدا بوون و، لە ســاڵانی دوای راپەریــن خەونیان بە ئازادکردنی عشــق و مەحەبەتــەوە دەبینــی، هەربۆیە ئەو گوتارە ئایدیۆلۆجییە ئەم پیاوســالاری و ژن قرکردنەی ئەمرۆی بۆ هێنایە پێشەوە. ئێســتاش بەشــێکی زۆریان خەباتێکی فەنتازی دەکەن لە رێگەی بە سحراویکردنی هێزێکی راستڕەووەوە . گوایە هێزێک لە نێو ئەم کۆمەڵگەیەوە دەجوڵێتەوە کە بە زمانی باوی شارەکە پێیدەڵێن گرووپی گردەکە.

لەبری قســەکردن لەسەر ئەبیوزکردنی چەمکی (گۆڕان) لە رێگەی راســترەوی جیهانیولۆکاڵیەوە، خەریکی ئارایشتکردنی ئەم گرووپە راستڕەوەن کە پرسیارەکانی، پرسیار ئۆرگانیزەشن و ئەدمینسترەیشنە، وەک جەوهەری راســتەقینەی (راست)، جگە لەوەی ئەوانەی کۆمپانیای وشــە بە هێزی گــۆڕان دەشــوبهێنن جگە لەوەی هێز نیــن و حالەتێکی لۆکالیی و حیزبین، تەنانەت توانــای خۆتەڵاقدانییان نییە لە حیزبێکی بەناو سۆشیال دیموکراتی، وەک برادەرانی ئیتحادیش باشــتر وایە پێیان بوترێــت ئۆپۆزســیۆنی خەجاڵەت کە لە هەمان حالەتی مارکسیستە خەجاڵەتەکانی حیزبــی شــیوعی دەچن، کە بــە پینەو پەرۆکردنی پارتی و یەکێتییەوە سەرقاڵن.

بە هەرحاڵ من نامەوێت لە باســەکەم دوور بکەومەوە. لەگەڵ رووخانی ئابووری فەرماندا، ئەو دیسکۆرســە سیاســی و ئایدیۆلۆجییە جیهانی داپۆشــی کە لیبرال دیموکراســی وەک دوا وێنــە و قۆناخی مێژوو وێنا دەکات و برینەوەی دەســتی دەوڵەت لە نــاو ئابووریدا بــووە ئەرکی یەکەمی ئایدیۆلۆجی و سیاسی رۆشنبیران و سیاســییەکان،تەنانەت ئەوانەش کە بە هۆی خورەوشــتی ئەکادیمییــەوە فێری ئەوەبــوون کتێبــی (کۆتایــی مێژوو)ی فۆکۆیامــا وەک کتێبێکــی بــێ نرخ و نافەلسەفی تەماشابکەن، بەڵام لە قوڵاییدا لەسەر ئەنجامەکانی ئەو کتێبە دەژین، کە ونکردنی هیوایە بە سیســتەمێکی دیکە و ئەڵتەرناتیڤێکــی دیکــەی کەپیتاڵیزم لەژێــر هەر ناو و گوزراشــتێکدا بێت. بێ هیــچ ئاڵۆزکردنێک بڕوایەکی گشــتی و ئایدیۆلۆجی هێنرایە ئاراوە بۆ ئەوەی ئێمە بە دیموکراســی بگەین، پێویســتمان بە ئابووری ئازاد هەیە و دەبێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەســتی دەوڵەت و حکومەت لە ناو ئابوورییدا ببڕینەوە. ئەمە جگە لە ئەفسانەی ئاوابوونی رۆڵی گرنگی (دەوڵەت — نەتــەوە) بەهۆی جیهانگیرییەوە گوایە جیهانگیــری کۆتایهاتنــی جوگرافیــا و سنوورەکانە و دەرگا لەسەر کۆمەڵگەیەکی جیهانی دەکاتەوە، بە هۆی لیبرالیزەشنی سەرمایەداری و بە جیهانیکردنی سەرمایەو هێزی کار و کاڵا.

ئەم بابەتە زۆر پەل دەهاوێت، ئەگینا قسەمان لەسەر کەپیتالیزمی کەم ئەندام دەکــرد، کەم ئەنــدام بەو بــە مانایەی گلۆبالیزەکردنی کەپیتاڵیزم بە شێوەیەکی تەواو، جگــە لەوەهمێکــی ئایدیۆلۆجی هیچ شــتێکی دیکــە نییە،چونکە تا ئەو گلۆبالیزەشــنە توانــای گلۆباڵایزکردنی هێزی کاری نییە، بــەڵام بۆ ئەوەی دوور نەکەوینــەوە ئــەو برینەوەی دەســتی حکومەت لــە ناو ئابووریــدا بە بیانووی دروستکردنی ئابووری ئازاد هەم هەڵەیەکی تیۆریە هەم پراکتیکیشە. چونکە دەوڵەت رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێــت لە دامەزراندنی چوارچێوەیەکی یاساییدا، کە تێیدا ئابووری بازاڕ دروستدەبێ و پشتیوانی دەوڵەت بە یەکێک لە مەســەلە گرنگەکان دادەنرێت. ئەمە لە کاتێکدا لیبرالیزمی جیهانی ئێستا خۆی بانگەشەی بە ناســیونالیزەکردنی ئابووری دەکات، لەســەروبەندی قەیرانی جیهانی کەپیتالیزمدا و دەســتی دەوڵەت بە شــێوەیەکی راســتەوخۆ درێژ دەکەن بــۆ رزگارکردنی بانــک و کۆمپانیاکان لە مایەپووچی.

هەفتەی ئایندە زیاتر هەوڵدەدەم قسە لەسەر گرنگی دەستی حکومەت بکەم، لە ناو ئابووری دا و قســە لەسەر فاشیزمی بێسەروبەری کوردی دەکەم کە شێوەیەکی جیاوازە لە فاشیزمی سیستماتیک .

مەهاباد قەرەداخی
mahabadg@gmail.com

قەڵای ئابووری و ئەسپی سیاسەت

دوای ناردنی نەوت پێویستە چاوەڕوانی هەموارکردنەوەی سیاسەت بین

ئەو نەتەوانەی خاوەنی خاکی خۆیانن و سیستەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان لەسەرئەو خاکەی خۆیان بنیات ناوە، سوود لە سامانە سروشتییەکانی سەرخاک و بنخاکی خۆیان وەردەگــرن و لە پرۆژەکانی گەشــەپێدانی وڵات و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیاندا، خەرجی دەکەن. ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی ســامانی سروشتی زۆرن و بەهۆیەوە تاک و کۆمەڵیان پێشــکەوتووە، بوونەتە خاوەنی قەوارەی قایــم و خودانی ســتاتوویەکی بڵندن لە نێو کۆمەڵگەکانــی مرۆڤایەتی و لە هەموو لایەکەوە شایانیان لێدەنرێت.

نەتەوەی کورد، خاوەنی ئەو خاکە پڕ لە سوود و ســامانەیە، کە وەک جۆر و وەک ژمارەش ئەرزشــی زۆرە، لە هەمووشــیان بایەخدارتــر نەوتەکەیەتی. ئەوە فاکتێکی گومانهەڵنەگــرە کە کوردســتان لەســەر ئۆقیانووســێکی نەوت پاڵکەوتــووە. بەو پێوەرە جیهانییە بێت، کە ســامان سایە فراوانتر و پایــە بەرزتر دەکاتەوە، دەبوایە کوردستان خاوەنی ســتاتوویەکی باڵا بێت لەنێو جیهاندا و نەتەوەی کورد جێگەی دیار با لە نێو کۆمەڵگــەی نێونەتەوەیی، وەلێ چونکە بە ستەمێکی مێژوویی جوگرافیاکەی دابەشــکرا و داگیرکرا، ئیــدی نەوتەکەی، بــوو بە مایەی ســەرکوتکردن و ســەدان پەلاماری ناڕەوا لە پێناوی ریشەکێشکردنی لەسەرخاکەکەی خۆی.

لــە دوای دۆزینەوەی نەوتەوە، ســتەم لــە کورد بەردەوام بووە تا گەیشــتووەتە چڵەپۆپە و کوشتنی بە کۆمەڵ، بە تایبەتیش لە دوای ئــەوەی حکومەتی عێراق نەوتی خۆماڵی کرد و دروشمی (نەوتی خۆمان بۆ خۆمانە)ی بەرز کردەوە، ئیدی هاوتەریبی ئەوە، سیاســەتی (تەبعیس و تەعریب و تەبعید)یشی دەســتپێکرد و لەسەر گەلی کوردستان پیادەی دەکرد. (بەبەعسیکردن و بەعەرەبکردن، راگواســتن) سێ پایەی سیاسەتی ســتەم و کۆدە سەرەکییەکانی رژێمــی دیکتاتۆری بەعس بــوون لە دژی کــورد. بە پلــەی یەکەمیش بــۆ دزینی نەوتی کوردســتان بوو کە لە کێڵگەکانی باوەگوڕگــوڕ و چەمبــۆری کەرکــووک و نەفتخانەی خانەقیــن، هەڵدەقوڵێن. ئەو نەوتــەی کە لــە نێو دڵی کوردســتانەوە هەڵدەقــوڵا و حکومەتی عێراقی پارەدار و پایەدار کردبوو، هەر ئەو پارە و پایەیەش غروری ئەو رژێمــەی گەیاندە ئەو دۆخەی شــەڕ بە دراوسێکانی بفرۆشێت و لەملاوە هێرش بکاتە ســەر ئێران و لەولاوە کوێت داگیربکات و لە دووریشەوە موشەک بگرێتە ئیسرائیل و چاو لە ســوریا و سعودیەش سوور بکاتەوە . هەر ئەو غرورە کوشندەیە سەری رژێمەکەی خوارد و ئەوەی لە دوای خۆیەوە بەجێی هێشتووە، کولتووری فەوزا و فەساد و تیرۆرە.

ماوەی هەشتا ســاڵی رابردوو (نەوتی خۆمــان بۆ خۆیان) بوو، تــا ئەو دەمەی دیکتاتۆر رووخا. دوای رووخانی دیکتاتۆر، دەبووایە بارودۆخی عێراق ئاسایی بێتەوە و ئێمــەش، دەبوایــە بە ژمــارە و پێوانە قەرەبووی هەشــتا ســاڵ نەوتی دزراوی کوردستانمان وەربگرتایەوە و لە ئاوەدانی ئــەو وڵاتەدا خەرجمــان بکردایە کە داری بەســەر بەردیەوە نەمابوو، چونکە هەشتا ســاڵ بە بەرنامە چەندین حکومەتی یەک لــەدوای یەکی عێــراق، وێرانــی دەکرد، کەچی حکومەتەکانی پۆست دیکتاتۆریش لەعێراقدا، بە هەمان چاو تەماشای کوردیان کرد و بە هەزار زۆر و شەڕەشەق 17%ی پارەی نــەوت بۆ حکومەتی کوردســتان دەنێرن. هەنووکە ســەرۆکوەزیرانی عێراق وەک زرمنداڵی خۆی باسی کورد و سەرانی کورد دەکات!

یەک دوو ساڵە بۆڵەبۆڵی کاربەدەستانی عێــراق و بەتایبەت وەزیــرە گەندەڵەکەی نەوت لە عێراق، ئێمە و دەوروبەرمانی کاس کردووە، هێندە بە توندوتیژییەوە پەلامار دەدا و دەڵــێ گرێبەســتەکانی حکومەتی کوردستان سەبارەت بە نەوتی کوردستان یاســایی نییە. کاربەدەستانی حکومەتی کوردســتانیش پێدادەگرن لەسەر ئەوەی کاری نایاسایی و نادەستووریان نەکردووە و بە بەڵگەوە ئەوەیان سەلماندووە.

لــە 2009/6/1، لــە هەولێــرەوە ســەرۆکەکانی کورد میلی سەعاتی بۆرییە نەوتەکانیــان بادا و، نەوتی کوردســتان بەرەو بازاڕەکانی جیهــان کەوتەڕێ. ئەم رووداوە ســاتێکی راستەقینەیە لەمێژووی نەتەوەیــەک کە هەردەم ســامانەکەی لە دەستی دوژمنەکەیدا بووە و لە دژی بەکاری هێناوە. بۆ یەکەمجارە خۆی دەبێتە خاوەنی و بە دەستی خۆی میلەکەی بادەدا. نەتەوە بە نەوتەوە دەوڵەمەندە و دەبێت ئاســتی بژێویشی بڵند ببێتەوە. سامانی سروشتی کوردستان، ئەگەر بە دەستی کورد خۆیەوە بێت، پێویستە لە ماوەیەکی کەمدا هەژاری لە کوردســتاندا بنبڕ بکرێت. کە هەژاریش بنبڕکرا، مانــای ئەوەیە نەخوێندەواریش و نەخۆشی و ناخۆشیش بنبڕ دەکرێت، چونکە بەپێی پێوەرەکانی کۆمەڵناسی نەخۆشی و نەخوێنــدەواری و دەردەکۆمەلایەتیەکانی دیکە، بەهۆی هەژارییەوە سەرهەڵدەدەن و هەموویان هۆکاری یەک ئەنجامن.

ئەگەرچی هێشــتا بەهــۆی پابەندێتی بە دەســتووری عێراقەوە، داهاتی نەوتی کوردستانیش بۆ هەموو عێراق دەبێت، وەلێ هەر گرنگە ئــەو پارەیە کورد دەینێرێ بۆ بەغدا، نەک لە بەغداوە بۆ کوردستان بێت. رەنگیشە، بەرپرسانی سیستەمی ئابووری کوردســتان وا بکەن کە لەم داهاتە رێژەی حەڤدە لە سەدەکە بدرێت، واتە گلدانەوەی داهاتەکە لەبری ئەو رێژەیەی بۆ کوردستان بڕاوەتەوە.

بە هــەر حاڵ بە هەر شــێوازێک بێت، گرنگە. کوردستان بۆ یەکەمجارە خۆی بڕیار بۆ نەوتەکەی خۆی دەدات و مەبەســتێتی ئابووری وڵات ببووژێتەوە. ئابووری بەردی بناخــەی ژێرخانی وڵاتە و بــە بووژانەوە و ســەقامگیری ئەو ژێرخانە، ســەرخانی کۆمەڵگەش پەرەدەســتێنێ. سیاســەت، کە یەکێکــە لــە بوارەکانی ســەرخانی کۆمەڵگە، بە بێ ئابوورییەکی پەرەسەندوو، پێشناکەوێت. زۆرجار لە قانوونەکانی یاری شەترەنج و سیستەمی دەوڵەتداری رادەمێنم و لێکچوونەکانیان سەرنجم رادەکێشن، بۆیە ئەم میتافۆرانە لەم بابەتەدا بەکاردەهێنم. سیاســەتی وڵات بە ئەسپەکانی شەترەنج دەچێت، ئابووری وڵاتیــش قەڵاکانیەتی. ئەسپی سیاســەت ئەگەر قەڵایەکی قایمی ئابووری لە پشتەوە نەبێت، بەرگە ناگرێت و شکســت دەخــوات. قــەڵای ئابووریش پێویستی بە ئەســپی بەهێزی سیاسەتە. سیاســەتێکی ئابووری نەتەوەیی بەهێز، دەبێتــە مایــەی ئاوەدانی کوردســتان و بەرزکردنەوەی ستاتووی و بناخەیەکیشە بۆ بوون بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ئابوورییەکی بەهێــز دەبێتە قەڵایەکی قایم بۆ پشــتی سیاسەتێکی بەپێز.

لەگەڵ ئەم هەنگاوە گرنگەدا، پێویستە چاوەڕوانی هەموارکردنەوەی سیاســەتیش بین، بە ئاراســتەی گەشەســەندنێک کە پێشکەوتنخوازانی کورد و دۆستانی کورد، بــە ژن و پیــاوەوە، بە گەنــج و پیرەوە، بەهیوایــەوەن. هەنــگاو بە ئاراســتەی بەدەوڵەتبوون و سەربەخۆیی.



فرێدرێک مالم*
fredrik.malm@riksdagen.s

دەرگا لە تورکیا مەکەنەوە!

گرنگترین پرســیار لــە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانــی ئەوروپــا دا، ئەندامبوونــی تورکیایە لە یەکێتی ئەروپادا، لە دواڕۆژادا. تاووتوێکردنــی ئەم پرســەش پەیوەندی بەو بەهــا بنچینەییانەوە هەیە کە یەکێتی ئەوروپای لەســەر بنیاتنــراوە، ئەوانەش مافەکانی مــرۆڤ، ئازادی دیــن و ئازادی رادەربڕینە. ئێســتا ئەوە سێ ساڵ و نیوە تورکیــا لە دانوســاندندایە لەگەڵ یەکێتی ئەوروپــا، بەڵام تەنها یــەک خاڵ لەو 35 خاڵە کۆتایی پێ هاتووە. بە کردەوە ئەوە بــۆ چەندین ســاڵ دەچێــت، گفتوگۆکان وەستێنراون.

لەم چەند ساڵەی دواییدا، تورکیا تووشی قەیرانیسیاسەتی‌نێوخۆییبووەوژمارەیەکی زۆر لــە وڵاتانی ئەندامــی یەکێتی ئەوروپا دژی پرۆســەی گفتوگۆکان وەستاونەتەوە. بــەڵام ئەمە هەموو شــیکردنەوەکە نییە. گرفتی سەرەکی لە گفتوگۆکاندا ئەوەیە کە تورکیا ئەو ریفۆرمانەی کە یەکێتی ئەوروپا وەکو مەرج بۆی دیاریکــردووە، جێبەجێ نەکردووە.

پارتی داو گەشەپێدانAKPی دەسەڵاتدر کە رەجەب تەیب ئەردۆغان ســەرۆکایەتی دەکات و حکومــەت بەڕێوەدەبــات، ئەوە شــەش ساڵیشــە زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمانی بە دەستەوەیە. تەنانەت ئەوان لە هەڵبژاردنی دوو ساڵ لەمەوپێشدا، ژمارەی کورسییەکانیان زیاتر کرد، کەچی ریفۆرمە سەرەکییەکان نەکراون و هۆی سەرەکیش کێشەی کوردە.

ئەمڕۆ لە تورکیادا، ئارەزوویەکی گەورە بۆ دداننان بــە مافەکانی کورد لە ئاراد نییە، بێجگە لە کوردەکان خۆیان. ئەو ریفۆرمانەش کە کراون زۆر دوورن لە ئەندازەی پێویست و بە قانوونی ئەساسی نەپارێزراون.

ئەگــەر حکومەت لــە تورکیادا بگۆڕێت ئەوا ئەو ریفۆرمانەی کە کراویشــین لێیان پەشــیمان دەبنــەوە. گۆڕانکارییەکانیش لەلایەن دەســەڵاتی دەوڵەتییەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، بۆ نموونە کەناڵی تەرەتە شــەش کە بە زمانی کوردی پەخش دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشــدا ئەگەر رەوشــی کورد باشتریش بووبێــت، ئــەوە پەیوەندی بــە خەبات و تێکۆشانی کورد خۆیانەوە هەیە و هەروەها هەوڵەکانیAKP بۆ بەدەستخستنی دەنگی کورد. بەڵام ســەرۆک وەزیری تورکیا لەم چەند ســاڵەی رابردوودا خۆی لە ســووپا نزیــک کردووەتەوە لەمــەڕ تێروانینان لە کێشەی کورد. هیچ پلانیک لە ئارادا نییە بۆ گۆڕینی قانوونی بنچینەیی لە تورکیا.

ئەوە بۆ نەوت ســاڵ دەچێــت، کورد لە تورکیا رووبەڕووی توانەوە بوونەتەوە. ئێستا لە هەر پێنج هاووڵاتــی تورکیا یەکێکیان کــوردە و ژمارەی کــورد دەگاتە نزیکەی پانــزدە ملیۆن. بەڵام ئــەوان مافی زمانی خۆیانیــان نییە. لە ماوەی دەیان ســاڵدا، نکۆڵی لە بوونی کــورد لە تورکیا دەکرا و پێیاندەگوتن تورکی چیایی.

ئەو سیاسییە کوردانەی کە لە بەهاری ئەمســاڵدا خۆیان کاندید کــرد، بەکردەوە مەترســی ئەوەیان لەســەرە کــە بخرێنە زیندانەوە لەجیاتی ئەوەی ببنە ســەرۆکی شــارەوانی. هەر لە ئێســتاوە چەند سەد کەسێکیان لێ گیراوە.

کــورد ناتوانن بــە ئازادانــە رۆژنامەی ســەربەخۆ دەربکەن، رێگایان پێ نادرێت وشەی کوردستان بەکاربێنن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بە دڵنیاییەوە لە ساڵی 1100 دوای زاینەوە، وشــەی کوردســتان بەکار هێنراوە. قەدەغەکردنی زمانی کوردی تا ئەو ئاستە رۆیشتووە کە خەڵک هەیە دادگایی کراوە تەنها لەبەر ئــەوەی پیتەکانی (ق، خ، و)ی بەکارهێنــاوە، ئەوەش بە بەهانەی ئــەوەی کە ئەو پیتانە لە زمانی کوردی دا هــەن و لە زمانی تورکی دا نین. لە رێگای ئەو قانوونە سەربازیانەی کە هەن لە ماوەی شــەڕی نێوان ســووپا و پارتی کرێکارانی کوردستان دا، دنیایەکی تازەیان خوڵقاندووە و تێیدا چوار هەزار گوندی کوردیان کاول و وێران کردووە، ســووپا زیاتر لە 60 هەزار کوردی چەکدار کردووە تا شەڕی کوردیان پــێ بکات و نزیکــەی 10 هەزار کەس بە تۆمەتی سیاسییەوە کوژراون. کەچی لەگەڵ ئەوەشــدا، تەنها یەک کــەس بە هۆی ئەو کوشتنانەوە، دادگایی نەکراوە.

ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە دژبەیەکەی کە لە تورکیا خولقێنراوە، رێگای لە گفتوگۆیەکی ســالم گرتووە لەســەر چەندین پرســی گەرماوگــەرم. ئەوەی بیەوێــت دەربارەی کۆمەڵکوژی زیاتر لە یەک ملیۆن ئەرمەنی، ئاســووری/ سریانی و گریکی پۆنتی کە لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا کۆکوژ کران، قســە بکات، رووبەڕووی مەترســی زیندانیکردن و دڵنیا نەبوون لە ژیانی خۆی دەبێتەوە.

گرفتەکە ئــەوە نییە کە تورکیا وڵاتێکی موســڵمانە، یانیــش وڵاتێکــی گەورەیە، بەڵکــو ئەو پرنســیپانەیە کە هــاوکاری یەکێتــی ئەورپای پێوە بەنــدە کە لەگەڵ ئــەو دۆکترینانە (بنەمایانە) ناگونجێت کە تورکیایی لەسەر دامەزراوە.

هەر لەبەر ئەوەشە کە دانوساندندنەکان لەگەڵ تورکیا بۆ ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا زۆر گرنگە، چونکە ئەو شتانە دەبنە هۆی ئەوەی کە گوشار بخرێتە سەر تورکیا تا بە جددی دیموکراتی لەو وڵاتەدا پیادە بکات. بەڵام هــەر ئەوەش بووەتە هــۆی ئەوەی دانوساندنەکان ئاڵۆز بکات.

لەگــەڵ ئەوەی کە پرۆســەی ریفۆرم لە مێژەوە لە تورکیادا پڕە لە گێرمەو کێشــە و رەوشەکە لە چەندین خاڵدا بەرەو خراپی چووە، کەچی تێگەیشتنی دەوڵەتی سوێد ئەوەیــە کە بــە هەر نرخێک بێــت درێژە بە گفتوگــۆکان بدرێت. دەوڵەتی ســوێد مەبەســتییەتی کــە پەرەگرافێکی نوێ لە گفتوگــۆ لەگەڵ تورکیا بکاتــەوە، کاتێک سوێد پۆستی سەرۆکایەتی یەکێتی ئەوروپا دەگرێتە دەست.

ئەمڕۆ، سیاســەتی دەرەوەی دەوڵەتی ســوێد هیچ رەخنەیەک لە تورکیا ناگرێت، ئەم سیاسەتەش بەتایبەتی لەلایەن وەزیری دەرەوەی سوێد کارل بیلدەوە، سەرکیشی دەکرێت. ئەمەش سیاســەتێکە کە ئەمڕۆ کەمینەیــەک لە یەکێتی ئەورپا لەســەری دەڕۆن.

سایســەتێکی لــەو جــۆرە تەنانەت بە قازانجی تورکیا خۆیشی نییە چونکە وڵاتێک کە سەرۆکایەتی یەکێتی ئەورپا بکات بە بێ ئەوەی هیچ داخوازییەکی لە تورکیا هەبێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە گوشار بۆ چاکسازی لە تورکیا کەمبێتەوە.

من خۆم لایەنگــری ئەوەم کە تورکیا لە داهاتــوودا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا. خۆگونجاندنــی تورکیــا لەگــەڵ ئەوروپا باشترین رێگایە کە ئەو وڵاتە هەڵیبژێرێت. بەڵام ئەوکاتە پێویستە تورکیا راستگۆیانە نیشــانی بدات کە خوازیاری چاکسازییە. بەڵام ئەمڕۆ ئێمە ئەو نیاز پاکییە نابینین.

بۆیە پێویســتە دەوڵەتی سوێد بە چاکی ئــەوە بۆ تورکیــا روونبکاتــەوە کە ئێمە نامانەوێت پەرەگرافێکی نوێی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو وڵاتە بکەینەوە، کاتێک سوێد لە پاییزی ئەمساڵدا دەبێتە سەرۆکی یەکێتی ئەوروپا.

*** ئەندامی پەرلەمانی سوێدە لەسەر لیستی پارتی گەل و کاندید بۆ پەرلەمانی ئەوروپا.**

گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

لەبنهێنان

هەندێ پرۆژەی وەبەرهێنانی کوردستان، جۆرێکن لە لەبنهێنان، ئاخر پرۆژەی وەبەرهێنان، دەبێ دۆخی ژیان باشــتر بکات نەک خراتر، دەبێ کێشــە چارەسەر، نــەک پتر بکات، دەبێ گیرفانی وڵات پڕ بکات، نەک لاتتر.

بایــی16 ملیار دۆلار پرۆژەی وەبەرهێنان لە کوردستاندا هەیە، شازدە گەنجم نیشــانبدەن، بە هۆی ئەو شازدە ملیارەوە، لە بێ ئیشی رزگاریان بووبێت. شازدە کەسی ئاساییم نیشانبدەن، لە ســایەی ئەو شــازدە ملیارەوە ئاســوودە بووبن. تۆ شــازدە نەفــەر کەباب ببــە گەڕەکێگی هەژارنشین، هەندێ بزە و شادی بــەدی دەکەیت، ئــەوە خێرە شازدە ملیار دۆلار، برسییەک تێر ناکات؟ بەڵام قەڵەوەکان قەڵەوتر و گیرفان قووڵەکان دەوڵەمەندتر دەکات؟

گوایە 33 پرۆژەی نیشتەجێبوون لــە ئارادایــە، کەچــی دەمی هەرکەسێک دەکەیتەوە، هاواری کرێ و بێلانەییەتی، خۆ گەنج ئەوە هەر دەرفەتی نییە خەونیش بە لانەیەکی ئاساییەوە ببینێت. لە قسان 24 پرۆژەی بازرگانی لە چوارچێوەی ئەو شازدە ملیارەدا کار دەکات، کەچی لە خواردنی ئیکسپایەر پتر هیچمان نەدی. دەڵێن 11 پرۆژەی تەندروستی لە بواری وەبەرهێنان دامەزراون، کەچی تا شریتێک حەبی باشت دەســتدەکەوێ، هێندەی دیکە نەخــۆش دەکەویــت، دەرمانی خــراپ و ئیکســپایەر و بــێ کاریگەریــی تژی کوردســتانە، خۆ وەبەرهێنــان قاچاخچێتی نییە تــا ئەو هەمــوو دەرمانە خراپە بێنــە کوردســتانەوە. هونــەر لە وەبەرهێنانیشــدا لە کوردستان هەر کڵۆڵە، تاقە یەک پرۆژەی هونەری هەیە و هەموو کوردســتان، نە ســینامەیەکی تێدایە و نە شانۆیەک کە رووی مەجلیســیان هەبــێ. کۆمیدیا ئەوەیە 11 پرۆژەی کشتوکاڵی کاری وەبەرهێنــان دەکــەن لە کوردستان و، ئەگەر دراوسێکان تەماتە و خەیارمان بۆ نەنێرن، دەبێ مامۆستا زامدار عارەق بە تەرەپیازەوە بخواتــەوە. کورد تووری پێ بەرهەم نایێت کوامەتا وەبەرهێنــان لە کشــتوکاڵ دا، هیچ زەڵاتەیەک نییە لە ســەتا ســەت کوردی بێت، زەڵاتەکانی ئێمە تێکەڵەیەکــی هەرێمیین و دراوسێکان پشــکی شێریان تێدایە.

وەبەرهێنان، بۆ ئەوەی نەبێتە لەبنهێنــان، دەبێ دۆخی ژیانی خەڵکی ئاسایی باش بکات، نەک حووتەکان قەڵەوتر، دەبێ لانە و هیوا بۆ گەنجی چارەڕەشی ئەم وڵاتە دابیــن بکات، نەک ڤێلای گەورەتر بۆ ئەوانەی تاقەتیان لە کێڵگەکانیان چووە.

هەموودونیا دووچاری تەنگژەی ئابووری هات، دەزانن بۆچی ئێمە پێمانەوە دیار نەبوو؟ خۆ لەبەر ئەوە نییــە کە پرۆژەکانی ئێمە هێنــدە کۆنکریتین ئەردهەژینی ئابــووری نایانلەرزێنــێ، لەبەر ئەوەیــە هــەر لە بنــەوە ئێمە خۆمان لە ناو چەقی تەنگژەدابین و ئــەوەی لە ئاوهەڵکێشــراوە، باران تەڕی ناکات.